# شاره ڕەنگاوڕەنگەکە.. تازەترین کتێبی حەلیم بەرەکات


## زمناکۆ بورهان قانع

zimnaco@hotmail.com





( حەلیم بەرەکات)ی گەورە نووسەری عەرەب لەم دواییەدا تازەترین کتێبی خۆی بەناوی (شارە ڕەنگاوڕەنگەکە) بەچاپ گەیاند.. بەرەکات لەم کتێبەی دا قسە لەسەر خەونو خەیاڵو خولیاو یادەوەرییەکانی خۆی دەکات لەگەڵ ئەو کارەساتانەی کە بەسەر مرۆڤایەتی دا هاتووە لەنیوەی دووەمی سەدەی رابردوو، بەواتایەکی قسە لەسەر ڕووداوەکانی دوای جەنگی جیهانی دووەم دەکات تاوەکو دەگاتە هەزارەی سێهەم.

هەر لەم کتێبەدا نووسەر لەسەر چەند تەوەرێکی تر دەدوێت بەتایبەتی زوڵمو زۆری سیاسییەکانی عەرەب بەرامبەر بەمیللەتەکانیان چونکە بیرمان نەچێت (بەرەکات) خۆی نووسەرێکی کۆمەڵناسە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چەندین دیراسەو ڕۆمانی ناوازەی هەیەو ماوەیەکی زۆر مامۆستای زانکۆ بووە لەبەیروتو ویلایەتە یەککرتووەکانی ئەمریکاو نووسینەکانی کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر گەنجی عەرەب بەتایبەتی جیلی دوای ساڵانی هەشتاکانەوە هەیە.

لەم کتێبەدا نووسەر دەگەڕێتەوە بۆ رابردوو پاشان بەشێوەیەکی بەردەوام حەلەقەیەکی پەیوەندی دروست دەکات لەگەڵ ئێستاو داهاتودا.

ئەم کتێبەی نووسەر بەدیراسەیەکی سۆسیۆلۆژی دادەنرێت کەبەردەوام لەهەموو لاپەڕەکانیدا هەست بەبوونی تەماسێکی تەواوەتی دەکەیت لەگەڵ سیاسەتو فیکردا، بەڵام وەك ئسلوبێکی هەمیشەیی نووسەر بەردەوام بەزمانێکی شیعری لەشتەکان دەدوێتو کتێبەکەش لەدەزگای (دار الساقي) چاپ کراوەو (پێنج سەدو نەوەدو سیّ) لاپەڕەی قەوارە گەورەیە.

بەرەکات دوای ئەوەی خوێندن لەزانکۆی ئەمریکی لەبەیروت تەواو دەکات، پاش ماوەیەکی کەم دەچێتە ئەمریکاو ساڵانێکی زۆر لەوێ دەمێنێتەوەو دەبێتە مامۆستای زانکۆ، بەڵام هەموو هاوینێك لەکاتی پشووی خوێندن دا، دەگەڕێتەوە بۆ شارە رەنگاورەنگەکەی خۆی (بەیروت) و دوای ئەوەش بۆ شوێنی لەدایك بوونی باوكو باپیری لەگوندی (الكفرون)ی سوریا، بەڵام کاتێك ئەو گوندەی بەجێهێشتو چووە بەیروت، تەمەنێکی کەمی هەبوو.

لەبەشێکی نووسینەکانی ناو ئەم کتێبەدا، نووسەر قسە لەسەرناسۆری‌و موعاناتی بەردەوامی خەڵکی لوبنان بەرامبەر بەسیاسەتی دەرەوەو دەکاتو قسەیەکی درێژخایەن لەسەر ئەو شەڕوشۆڕە دەکات کە ئەم وڵاتەی

گرتۆتەوە لەبەشێکی ئەو قسانەدا نووسەر دەڵێت: "بەیروت ئەو شارە نەبوو کەزوو بخەوێت، بەڵکو تا کاتێک چۆلەکەی بەیان دەیجریواند، خەڵکی لەسەر شەقامە جوانەکانی پیاسەیان دەکردو عەشقیان بۆ ژیان هەبووە، بەڵام کاتێك لەسەردەمی جەنگی دووەمی ناوخۆی لوبنان دا بەیروتم بینی، یەکسەر تەسەورم کرد خەڵکی شەوان، بگرە ئێواران زۆر زوو دەخەون". پاشان دەگاتە سەرئەوەی کەبڵێت: "بەیروت لەشارێکی رەنگاو رەنگەوە بووە بەشارێکی رەش و سپی و زەحمەتە بتوانین رەنگی بکەینەوە.

بەشی یەکەمی ئەم کتێبە، ناونیشانێکی هەڵگرتووە "دۆزینەوەی شارێك لەنێو شەڕو شۆڕەکانی دا" کە قسە لەسەر ناوەڕاستی سالآنی حەفتای لوبنان تا ساڵی (دوو هەزار) دەکات.

لەم کتێبەدا، قسە لەسەر کۆمەڵێك رۆشنبیری عەرەب کراوەو چەندین نووسەری بەناوبانگی بەسەر کردۆتەوە، لەوانە (ئەدۆنیس، یوسف ئەلخال، ئونسی ئەلحاج، جبرا ئیبراهیم جبرا، و مەحمود دەروێش) کە هەریەکەیان سەر بەوڵاتێکی عەرەبین، بەڵام زۆرترین قسەی بەرەکات لەسەر یوسف ئەلخال بووە.

دواجار، (ماهر جەرار)ی رەخنەگر لەوتارێکی پڕ لەئیعجابدا بەرامبەر بەم کتێبە، دەنووسێت:

خۆزگە بمتوانیایە هەموو رۆژێك جارێك ئەم کتێبە بخوێنمەوە".